# ئابوریکردن لەئاستی دەنگسازیدا، ڕۆمانی ( حەسارو سەگەکانی باوکم ) بە نمونە

د. دەرون عبدالرحمن صالح          شۆخان عمر شریف
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

**پێشەکی**

لەدێرزەمانەوە مرۆڤ هەنگاوی بەرەو کورتکردنەوەو قرتاندن هاویشتووە بەمەبەستی گێڕانەوەی کات و وزە کەم سەرفکردن، بێگومان ڕێژەی زۆرو کەمی ئابوریکردن لەئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر جیاوازە، و هەروەها لەزمانی ئاخاوتن و نوسینیشدا لێك جیاوازن. ئاستی دەنگسازیش یەکێکە لەو ئاستانەی کە بۆتە جێی سەرنجی زمانەوانانی بیانی و هەروەها زمانەوانانی کوردیش لەڕووی ئابوریکردنەوە لەژێر ناونیشانی جیاوازدا، لەم باسەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی کار لەسەر ئابوریکردن کراوە لەئاستی دەنگسازیی زمانی نوسیندا، و وەرگرتنی ڕۆمانی (حەساروسەگەکانی باوکم) بەنمونە، بەم پێیە ئاستی دەنگسازی تەوەری سەرەکی باسەکەیە. پەنابردنەبەر ئابوریکردن لەڕۆمانێك لەڕۆمانە کوردییەکاندا خۆی لەخۆیدا کارێکی نوێیە، لەناو ڕۆمانەکەدا سەرژمێری کراوە بەمەبەستی خستنەڕووی ڕێژەی زۆرو کەمی ئابوریکردن لەیاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردیدا. لەم باسەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری گیراوەتەبەر، و نمونەکانمان لەزمانی نوسینەوە وەرگیراوەو بەپێی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی شیکراونەتەوە. باسەکە خۆی لەدوو تەوەردا دەبینێتەوە: یەکەم/ واتاو مەبەستی ئابوریکردن لەزمانی کوردیدا، دووەم/خستنەڕووی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی و جێبەجێکردنی لەسەر ڕۆمانی حەساروسەگەکانی باوکمی شێرزاد حەسەن.

**تەوەرەی یەکەم: واتاو گرنگیی ئابوریکردن**

ئابوریکردن بریتیەلە سەرفکردنی کەمترین وزە لەدەربرینو نوسیندا بەپێی تیۆری سوککردنی ئەرك، یان وزە بە فیڕۆنەدان. بەم پێیە مرۆڤ هەوڵی کورتترین دەربڕین دەدات لەکەمترین کاتدا بۆ تێگەیاندنی کەسی بەرامبەر. تیۆری سوککردنی ئەرك یەکێکە لە تیۆرەکانی گۆڕانی دەنگە زمانییەکان، هەروەها بەم زاراوانەش ناودەبرێت:(تیۆری ئاسانکاری) و ( تیۆری کەمترین وزە). لەڕوانگەی ئەم تیۆرەوە "هەموو ئەو گۆڕانانەی کە لەزمانی کوردیدا ڕوودەدات دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارەزووەی لەمرۆڤدا هەیە بۆ ئاسانکردنی دەربڕین، بەواتایەکی تر هەموو گۆڕانێك بەمەبەستی سوککردنی ئەو ئەرکەیە کە دەکەوێتەسەر ماسولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن"[١].

---

[١] د.محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١: ١٢٩.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

بەپێی تیۆری سوککردنی ئەرك ، هەموو ئابوریکردنێك بۆ سوککردنی ئەرکی سەر ماسولکەکانی ئەندامەکانی ئاخاوتنە، واتە مەبەستمان لەو ماسولکانەیە کە بێجگە لە ئەرکی سەرەکی خۆیان (هەناسەدانو هەرسکردن)، ئەرکی قسەکردنیش ئەنجام دەدەن، هەربۆیە ئابوریکردن هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی دەربڕین، بۆ نمونە: (دیاردەکانی تواندنەوەو جێگۆرکیو کرتاندنو لابردن وەك نمونەی ئابوریکردن لە ئاستی دەنگسازیدا دەبینرێت، بەلاّم بەڕێژەیەکی زیاتر ئەو هێشوە دەنگانە کەرت دەکەنو لەو دەنگانە ڕێزمان دەکەن، کە قورسو قەبەن و بە ئاسانی بۆمان دەرناهێنرێت)[٢].

هەر لەم بارەیەوە زمانەوانی قوتابخانەی ئەمریکی (ساپیر) پێی وایە( زمانەکان لەو خالەدا هاوبەشن کە هەموویان ڕێزمانەکەیان بە ئاڕاستەی ئابوریکردن دەڕوات لە ئاخاوتنو بیرکردنەوەشدا)[٣] ، لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئابوریکردن لە زماندا بە گشتیو لە زمانی کوردی بەتایبەتی پێویستییەکی سەرەکی ژیانی مرۆڤی کورد بووەو بەرهەمی هەولو کۆششیان بووە، بۆ ئەوەی بە کورتترین ڕێگەو کەمترین کاتو سەرفکردنی کەمترین وزە بگاتە ئامانجەکانی.

ئابوریکردن گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە لەزماندا، چونکە بەهۆی ئابوریکردنەوە زمان بەرەو ئاسانبوون دەڕوات، بەواتایەکی تر ئابوریکردن هۆکاری ئاسانبوونی زمانو پاراستنیو بە فیرۆنەدانی وزەیە، واتە ئابوریکردن زمان بەرەو تێکدان و لەناوچونو هەلوەشان نابات، بەلکو زمان بەرەو کورتیو پوختیو ئاسانی دەباتو سیمایەکی نوێی پێ دەبەخشێت، بەو واتایەی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا کۆکەرەوەو پارێزەری وزەو چالاکیە(زمان وا لێدەکات ئاسانترو وزە پارێزبێت)[٤].

لێرەوە دەتوانین بلێین ئابوریکردن نابێتە هۆکاری دروستبونی لێلیو تێکچونی زمانو شێواندنی واتا، چونکە بە کەمبونەوەی یەکەو کەرەستە زیادەکان، لایەنی واتا ناشێوێت و تێکناچێت، لەبەرئەوەی ئەو یەکەو کەرەستانەی زمان لادەبرێت کە بە پێویست نازانرێت، یان بە دەربڕینێکی تر بە بێ ئەو کەرەستەو یەکانەی زمانیش کە بەهۆی ئابوریکردنەوە لادەبرێت و نامێنن، واتای وشەو ڕستەکان لەنگیو ناتەواوی بەخۆیانەوە نابینن، بەلکو لەڕووی واتاوە زۆر تەواوو ڕێکوپێکن، لەڕووی کورتیو درێژیشەوە ڕستەیەکی کورتو پوختو ئاسانەو مەبەستو ئامانج دەپێکێت.

گرنگیەکی دیکەی ئابوریکردن ئەوەیە، کە دەرخەری سەلیقەو بەهرەو شارەزایی توانای کەسی ئابوریکەرە، کە بەپێی جێبەجێکردنی یاساو ڕێساکانی زمانەکەی ئابوری دەکاتو ڕێگەی کورت هەلدەبژێرێت بەچەند هەنگاوێکی ئاسان، دەگات بەو ئامانجەی دەیەوێت. مرۆڤ سەرەتا بەشێوەیەکی بەئاگایانە پرۆسەی ئابوریکردن ئەنجامدەدات، واتە لەخۆوە هیچ کەرەستەیەك فڕێنادات کەببێتەهۆی تێکدانی واتا، بەلاّم دواتر لەئەنجامی بەردەوامی بەکارهێنان و دووبارەبوونەوەی لەلایەن قسەپێکەرانیەوە، بەهۆی ڕێککەوتنی کۆمەلگاوە لەسەر ئەو لابردنە، ئەبێتەهۆی ئەوەی دواتر بەشێوەیەکی بێ ئاگایانە بەکاربهێنرێت.

[٢] د.محەمەد مەعروف فەتاح زمانەوانی، ٢٠١١: ١٢٩.

٣ دەروون عبدالرحمن سالح، ئیکۆنۆمی لەئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠: ٣٥.

٤ د.محەمەد مەعروف فەتاح زمانەوانی، ٢٠١١: ١١٩.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زمانی نوسینیش بەهەمان شێوەی زمانی ئاخاوتن ئابوریکردن تێیدا بەدیدەکرێت، چونکە "سەرچاوەی زمانی نووسین ئاخاوتنە"[٥] ، بەلاَم رێژەکەی جیاوازە، لەزمانی نوسیندا کەمتر بەدیدەکرێت بەراورد بەزمانی ئاخاوتن، لەبەرئەوەی "پێویستە لەزمانی نووسیندا پەیرەوی تەواوی ئەو یاسا فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیانە بکرێت، کە خەلَکی لەزمانەکەیاندا بەتەواوەتی هەموویان پەیرەوی دەکەن"[٦].

**تەوەرەی دووەم/ یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی و جێبەجێکردنی لەسەر رۆمانی (حەساروسەگەکانی باوکم) بەنمونە**

هەموو زمانێك خاوەنی یاساوو دەستوری تایبەت بەخۆیەتی، کە بەکارهێنەرانی زمانەکە لە گشت ئاستەکانی زمانەکەدا بەکاری دەهێنن، زمانی کوردیش وەك هەر زمانێکی دیکە لە ئاستی دەنگسازیدا کە زۆرترین رێژەی ئابوریکردنی تێیدا بەدیدەکرێت، خاوەنی کۆمەلَێك یاسای فۆنۆلۆجیە، کە لە لێکدانی فۆنیمەکان دێنە بەرهەم، کاتێك ( کە دەنگەکانی زمانی دەکەونە پالّ یەك بۆ دارشتنی دانەی گەورەتر (برگە، وشە، رستە) کارلێك دەکەن، لە ئەنجامی ئەم کار لێکردنە دەنگ هەیە دەگۆرێ... هەیە پەیا ئەبێ... هەیە دەقرتێو دەتوێتەوە... هتد، ئەو بەشەی زانستی زمان کە یاساکانی ئەم لایەنەی زمان دەستنیشان دەکات بە یاسا فۆتۆلۆجیەکان ناو دەبرێت)[٧]. پرۆسەی ئابوریکردن تەنها لەرێگەی لابردنی کەرەستەی زمانیەوە دروست نابێت (بەلَکو هەر دەربرینێك کە ببێتەهۆی ئاسانی دەربرین و گەراندنەوەی وزە بۆ قسەکەر دەگرێتەوە، وەك لەهەندێك لەیاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردیدا بەدیدەکرێت)[٨].

لێرەدا یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی نیشاندەدەین و پاشان جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەودەرهێنانی ئابوریکردن لەرۆمانەکەدا دەخەینەروو:

**یەکەم/ یاسای تیاچوونی دەنگ:** بریتیەلە تیاچوونی فۆنیمێك لە ئەنجامی لێکدانی دوو فۆنیمی لە یەکچوو یان جیاواز، بەو واتایەی (ئەگەر دوو دەنگی کۆنسنانتی و یەکچوو یاخود لێك نزیك، بکەونە پالّ یەك، ئەو لە دەبریندا یەکێکیان ون دەبێ، هەروەها لەدەنگی بزوێنیشدا ئەم حالَەتە دووبارە دەبێتەوە، بەتایبەتی (ە) کە بزوێنێکی دیکەی دێتەپالّ تێ دەچێ)[٩]، بۆ نمونە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| لێکدانی دوو فۆنیمی لێکچوو: | پەردە + ەکە | ← | پەردەکە | (ە) تیاچوو |
| | پاك+ کردن | ← | پاکردن | (ك) تیاچوو |
| | بێ هەست + تر | ← | بێ هەستر | (ت) تیاچوو |
| لێکدانی دوو فۆنیمی جیاواز: | گۆلَەکە + ان | ← | گۆلَەکان | (ا) تیاچوو |
| | بچۆ + ەوە | ← | بچۆوە | (ە) تیاچوو |
| | دا + بگرە | ← | داگرە | (ب) تیاچوو |

[٥] دەروون عبدالرحمن سالَح، ئیکۆنۆمی لەئاستەکانی زمانی کوردیدا، ٢٠١٠: ٣٩.

[٦] سەرچاوەی پێشوو، ٣٩.

[٧] وریا عومەر ئەمین، لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ:١٣٦، سلێمانی، ١٩٩٥: ٦٦.

[٨] دەروون عبدالرحمن سالَح، ئیکۆنۆمی لەئاستەکانی زمانی کوردیدا، ٢٠١٠: ٢٣.

[٩] ئەورەحمان حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر رۆشنایی فۆنەتیکدا، کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦: ٥٤ — ٥٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەگشتی لەهەموو زمانێکدا ئارەزوی تێچوونی دەنگ دەکرێت، بە تایبەت لەو کاتانەدا کە دوو دەنگی لێکچوو پێکەوە لەوشەیەکدا یان لەدوو وشەدا یەك لەدوای یەك بێن، بەدەربڕینێکی تر (تێچوونی دەنگ بریتیەلە سوانی دەنگێك یان زیاتر لەمۆرفیمێکدا. ئەمەش بۆ خۆ دوورخستنەوە لە زۆریی بزوتنەوەی ئەندامانی ئاخاوتنو ئاسانکردنی کاری دەربڕینە. ئەم جۆرە گۆڕانەش، کە بەسەر وشە یان مۆرفیمەکاندا دێت لە ئەنجامی هەڵکەوتو دەرکەوتنیان لە سنوری جیاوازدا دێتە کایەوە، لە هەندێك حاڵەتدا شێوە قاڵبی جیاواز وەردەگرن بێ ئەوەی ئەرکو واتایان کەمبێتەوە)[10] ، لە دیاردەی تیاچوونی دەنگدا دەکرێن بڵێین دەنگەکان لەناو یەکدا دەتوێنەوەو سنور لە نێوانیاندا نامێنێت بۆ ئاسانی دەربڕین، بۆیە دیاردەکە بە" توانەوەی دەنگ"یش ناو دەبرێت، بەمەش (توانەوە مانای نەمانی سنورە لەنێوان دوو فۆنیمدا کە لەناو یەکدا دەتوێنەوە، بەتایبەت کاتێك لە وشەیەکدا یان لە دوو وشەدا کە پێکەوە بێن و دوو فۆنیمی لێکچوو یەك بەدوای یەکدا بێن بەمەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین)[11] .

لێرەدا ئابوریکردن لەیاسای (تیاچوونی دەنگ)ی ڕۆمانی (حەساروسەگەکانی باوکم) دەخەینەڕوو:[12]

لە تەواوی ڕۆمانەکەدا ئەم یاسایە بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت، بەڕادەیەك کە زیاتر لەهەر یاسایەکی تری دەنگیی دەرکەوتووە. بەگشتی تیاچوونی دەنگ لە ڕۆمانەکەدا بەسەر چوار جۆر دابەش بووە، بەڵام لە هەموویان زیاتر و دەرکەوتووتر ئەو تیاچوونەیە کە لەدەنگی (ت)دا بەدیدەکرێت.

- **تیاچوونی دەنگی (ت):**

١- ئەو جۆرەیە کە لە(کار)ی ڕستەکاندا ڕوودەدات، ئەمەش دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ زۆریی تیاچوونە دەنگییەکان، چونکە ڕۆمانەکە لەهەزاران ڕستە پێکهاتووەو هەموو ڕستەیەکیش (کار)ێکی تێدایە، بۆیە لە کۆتایی زۆربەی کارەکاندا تیاچوونی دەنگیی ڕوویداوە، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری (کار)ی ڕستەکان کاری ڕابردوون، کاری ڕابردووش بە دەنگی (ت) کۆتایی دێت، بۆیە لەکۆتایی کارە ڕانەبردووەکاندا تیاچوونی دەنگی (ت) بەڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێت کە دووبارەبونەتەوە:

| وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| دەڕژێ | ٩ | دەنوێ- دەگەڕێ-نەکەوێ | ٤٨ | لەق بکا- بگرێ | ٩٧ |
| دەکوتێ- دەگرێ- چاوەڕێ دەکرێ - بار دەدا- نامێنێ- دەڕوانێ- تەڕ دەکا- پێ یان دەڵێ | ١١ | دەگەڕێ- دەبێ- دەکوژرێ | ٤٩ | نانیشێ | ٩٨ |
| دەکێشێ- دەخوازێ- دەدا - دەمرێ- دەنەڕێنێ- دێنێ- بێ- نەکا- نەبێ- دەگرێ- | ١٢ | بدا- هەڵوەشێنێ- دابگرێ | ٥١ | بپژێنێ | ٩٩ |

[10] ئەورەحمان حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوە زمانناسی، سلێمانی، ٢٠٠٤: ١١٣.

[11] احمد مختار عمر، دراسە الصوت اللغوی، عالم الکتب،القاهرە، ١٩٩١: ٢٢٤ – ٣٣٣.

[12] سەرجەم نمونەکان وەرگیراوە لە: شێرزاد حەسەن، حەساروسەگەکانی باوکم، لەچوارچێوەی کتێبی (سەرجەمی بەرهەمی ٢)دا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بێ –بکا – بڵێ ی– بمانژمێرێ– بیەوێ | | | | | |
| بکا (٢١) – بزانێ– هەڕەشە دەکا | ١٣ | دەکا– بگەڕێ– بخنکێ | ٥٢ | دەگرێ | ١٠٣ |
| بیگرێ– بدوێ– ڕەنجابێ | ١٤ | نەبێ– بزانێ– بکەوێ | ٥٣ | بوێرێ– بدا– بکا– سووکمان کا– بنەڕێنێ– بلەرزێنێ– بچێ– نەهێڵێ– بخەسێنێ– نەنووسێ | ١٠٥ |
| ڕادەشکێ– دەگا– پیشان دەدا– هەڵەبکا | ١٥ | دەمرێ– بێ– دەبێ– پەلاماری بدا | ٥٥ | نەمێنێ– بحیلێنێ– بچرکێنێ– بمیاوێنێ– بوەڕێ– بمگێنێ– بشکێ | ١٠٨ |
| بمرێ– بزانێ– تێ دەزێ– شل دەبێ | ١٦ | بمخنکێنێ– بێ | ٥٦ | دێ– بکا – ناهێڵێ– هەڵدەسێ– بسرەوێ– نەکەوێ | ١٠٩ |
| ناگرێ – ڕادەپسکێنێ – دەگرێ | ١٧ | بفرێنێ | ٥٧ | دەکوژێ | ١١٠ |
| دامەدەگرێ– بنەڕێنێ– بکا– بشکێنێ– ڕابوەشێنێ – نامێنێ – هەڵبکەنێ – هەڵدرێ – دەبێ – بڵێ ی – نەبووبێ – کوشتبێ | ١٩ | بزانێ– دەکا | ٥٨ | دەبێ– دەتۆپێ– دەینێژێ | ١١١ |
| لێ دێ – بخوا – بخەوێ | ٢٠ | خۆشتردەوێ– نەلێ– دەتەوێ– نەگرێ– نەزانێ– بنیشێ | ٥٩ | دەچێ– بڵێی– قورتارم کا | ١١٥ |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بیانبینێ | ٢٢ | دەکا– ڕوونیشێ– دەمەوێ | ٦٢ | داچۆڕێ | ١١٨ |
| بقرسێنێ – بێ | ٢٣ | دەگا– نامەوێ | ٦٤ | نەخەوێ | ١١٩ |
| دەبارێنێ – بکەی – دەزانی | ٢٤ | بکرێ– نەبێ– ڕزگارم بێ– هەڵناگرێ | ٦٥ | نەبێ | ١٢٠ |
| بمانخەسێنێ – ناپژێنێ – ناگلێ – ناشکێ – دەڕۆی | ٢٥ | ژن دێنێ– بکا– دادەنێ– دەبێ– بگرێ– بڕمێنێ | ٦٧ | هەبێ | ١٢١ |
| ببینێ– دێنێ– دەکەی– دەڵێی– نەیخەساندبێ | ٢٦ | دەربچێ | ٦٨ | هەڵمکێشێ– بمکا– ڕازی دەبێ | ١٢٣ |
| دەکەوێ– بپەڕێ– نامرێ– بخوا– بمرێ | ٢٧ | بنوێنێ | ٧٠ | بکەوێ | ١٢٤ |
| نالێی– کوێربێ– بەخێودەکرێ | ٢٨ | دەخشێن | ٧١ | بکا | ١٢٦ |
| بەسەردێ– ڕابپەڕێ | ٢٩ | دەجولێ– بکا | ٧٤ | ناکرێ | ١٢٩ |
| نەسوتێ– بپرسێ | ٣٠ | دەکەوێ– دەگرێ– دەکا– ببینێ– ناکرێ– نەکا– نەدا– دەست نەوەشێنێ | ٧٥ | نەئاوسێ– نەپەنمێ | ١٣٠ |
| دەمەوێ– ئەزانێ | ٣١ | بکا | ٧٦ | دەیانبا | ١٣١ |
| بمرێ | ٣٢ | بکڕۆژێ– ڕادەمێنێ– هەڵپروکێ | ٧٨ | تادێ– دەزانێ | ١٣٣ |
| گزنگ بدا– بچێ | ٣٣ | بوەشێنێ– نابێ | ٧٩ | دادەڕمێ– داتەپێ– بگرێ– بونیات بنێ | ١٣٤ |
| بەسەربێ | ٣٤ | دەمگرێ– ناگیرێ– دەڵێ | ٨٠ | | |
| هەڵیدەواسێ– دابخرێ– بڕژێ | ٣٥ | بلێی | ٨١ | | |
| بڕژێ– ببڕێ– بیگرێ– دەزانێ– دەمرێ– نابێ– ناگرێ– بەربکەوێ– دەروێ– دەکا– دەچێ– دەسوتێنێ– دەبڕژێنێ– دەکولێنێ– ناتوانێ– ڕابمێنێ– شۆڕدەکا– هەڵدێ– | ٣٦ | وازناهێنێ | ٨٢ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دەدرکێنێ | | | | | |
| بەڕۆژووبێ | ٣٧ | حەزنەکا | ٨٣ | | |
| گێژ دەخوا | ٣٨ | ناتانگرێ | ٨٥ | | |
| ناکرێ- بێ- هەڵدەگرێ | ٣٩ | دەڵێ- کردبێ | ٨٦ | | |
| دەبێ- بەرنەکەوێ- دەبێ بچێ چەتر هەڵدا | ٤٠ | بفڕێ- هەڵوەرێ | ٨٧ | | |
| بزانێ- دەکا- بپرسێ- دەنێرێ- بشکێنێ | ٤١ | ناشوا- هەبێ | ٨٩ | | |
| خۆشی دەوێ- بشێوێ | ٤٢ | دەکەی | ٩١ | | |
| هەڵەی کردبێ- خنکابێ- نیشتبێ | ٤٣ | دەدزێ | ٩٢ | | |
| دەزرێ- دەکا- ناهێڵێ | ٤٤ | بکا- بزانێ | ٩٣ | | |
| بەرچاوی کەوێ | ٤٥ | دەست کەوێ- دەکەی- بدا | ٩٥ | | |
| نەبێ- بخوا- دەکەی | ٤٧ | بوەستێ | ٩٦ | | |

٢- ئەو جۆرەیە کە لە وشە لێکدراوەکاندا ڕوودەدات، کاتێك وشەی (دەست) وشەیەکی تری لەگەڵ لێکدەدرێت لەو نێوانەدا دەنگی (ت)ی وشەی (دەست) تیادەچێت، بۆ نموونە:

دەستماڵ ← دەسماڵ (لاپەڕە: ٨٩ - ١٠٥)

دەسترۆك ← دەسرۆك (لاپەڕە: ١٠٥)

٣- ئەو جۆرەیە کە لە کۆتایی ئەو وشانەدا ڕوودەدات کە ئاڕاستەی کەسی دوەمی تاك دەکرێت، واتە تیاچوونی دەنگی (ت) لەو جێناوە لکاوەدا ڕوودەدات کە بۆ کەسی دووەمی تاك بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە:

| وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| تۆبەرەیت - تۆبەرەی | ٢٤ | حەساریت - حەساری | ٦٥ | ونم کەیت - ونم کەی | ١١٥ |
| نەفامیت - نەفامی | ٢٦ | بپەڕیت - بپەڕی | ٩٩ | بمکەیت - بمکەی | ١١٥ |
| نەزانیت - نەزانی | ٢٨ | تووڕەم کەیت - تووڕەم کەی | ١١٠ | زیندووتریت - زیندووتری | ١٣١ |
| دنیادیتەیت - دنیادیتەی | ٦٣ | کێیت - کێی | ١١٢ | | |
| نابینیت - نابینی | ٦٤ | بلێیت - بلێی | ١١٢ | | |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤- ئەو جۆرەیە كە لەو ئاوەڵناوانەدا دەردەكەوێت كە بە دەنگی (ت) كۆتایی دێتو مۆرفیمی پلەی بەراورد(تر)ی دەخرێتەسەر، لەو كاتەدا یەكێك لە دوو دەنگە (ت)ەكە لەناو دەچێت، بۆ ئەو لەناو چوونەش دەنگی (ت)ی كۆتایی وشەكە لە پێشترە وەك لەدەنگە (ت)ەكەی تر، چوونكە زۆربەی تیاچوونەكان لە كۆتایی وشەوەن نەك لەسەرەتا، بۆ نمونە: پوخت + تر ← پوختتر ← پوختر (لاپەڕە: ٧٩)

- **تیاچوونی دەنگی (ب):**

لەدوای تیاچوونی دەنگی (ت) زۆرترین تیاچوونی دەنگیی لە ڕۆمانەكەدا تیاچوونی دەنگی (ب)ە، لەبەرئەوەی ئەمجۆرە تیاچوونە لەكاری داخوازیو دانانیدا دەبینرێت، واتە لەو كاری داخوازی و دانانییانەی كە لەڕووی پێكهاتنەوە (دارێژراو)ن، بۆیە بۆ ئاسانی دەربڕینو كورتكردنەوە دەنگی (ب) لەو كارانەدا تیادەچێت، بۆ نمونە:

| وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| قورتارم كا | ١١ | هەڵپڕوكێ | ٧٨ | هەڵوەرێ | ١٢٣ |
| لەتو كوتی كەم | ١٣ | بەرزەفتی كەین | ٧٩ | لێم دا | ١٢٣ |
| ڕاكێشن | ١٤ | سەرهەڵگرێن | ٨٥ | خۆم دەمە | ١٢٣ |
| هەڵكۆڵن | ١٤ | ڕادەین | ٨٧ | ڕاكەم | ١٢٤ |
| دەرمان خواردی كەن | ١٤ | دەرچم | ٩٣ | فریام كەوە | ١٢٤ |
| ڕەش كەنەوە | ٢٦ | دەست كەوێ | ٩٥ | غردەن | ١٢٦ |
| چەتر هەڵدا | ٤٠ | دەریان كەم | ١٠١ | لەگەڵمابە | ١٢٨ |
| ڕاونێ | ٤٣ | پشتم تێ كەن | ١٠١ | ئازادم كە - سەرپشكی كەم- سەربەستی كەم- هەڵمژم - قورتارم كە- تێر بەرتیلی كەم | ١٣٠ |
| بەرچاوی كەوێ | ٤٥ | تێمان هەڵدا | ١٠٥ | خۆش بە | ١٣١ |
| بەرزبێتەوە | ٥٣ | تەڕكا | ١٠٥ | ئاوەدان كەمەوە | ١٣١ |
| ڕامێنم | ٥٦ | داچۆڕێ | ١١٨ | خۆ قورتاركەم | ١٣٣ |
| وە ژوور كەوێ | ٦٢ | هەڵدرێ | ١١٩ | دەرمان خواردیان كەم | ١٣٣ |
| ڕوونیشێ | ٦٢ | هەڵەتەیان كەم | ١١٩ | | |
| هەڵشاخێم | ٦٧ | فریویان دەم | ١١٩ | | |
| زیندوو بێتەوە | ٧٤ | بزركەم | ١١٩ | | |
| چۆڵ كەم | ٧٥ | دەستخەڕۆكەم | ١١٩ | | |
| | | هەڵمكێشێ | ١٢٣ | | |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەر لەتیاچوونی دەنگی (ب)دا جۆرێکی تر لە تیاچوون هەیە، ئەویش تاڕادەیەك دەگمەنەو کەم ڕوودەدات، ئەویش تیاچوونی دەنگی (ب)ە لەسەرەتای وشەوە، بۆ نمونە: بچکۆلە ← چکۆلە (ل: ٤٦ / ٥٥ / ٨٢ / ١٣٤)

- **تیاچوونی دەنگی (ك):**

ئەم دەنگە لە زۆربەی وشەکانی ڕۆمانەکەدا تیاچووەو بەسەر چوار جۆردا دابەشدەبێت:

١- تیاچوونی دەنگی (ك) لە وشانەدا کە ئاوەڵناون، بۆ نمونە:

نەگبەتیٚ (ل: ١٠٥) – هەناسەساردیٚ (١٠٥) – کەسیٚ (١٠٥)– هەش بەسەریٚ ( ١٠٥)– بیٚ سێبەریٚ (١٠٥)

٢- تیاچوونی دەنگی (ك) لە وشە لێکدراوەکاندا کە ڕۆڵی (ناو) دەبینن، بۆ نمونە:

نیشانەشکێنیٚ ( ١٠٤) – پیازپاکردن ( ٣٥)

٣- تیاچونی دەنگی (ك) لە وشانەدا کە بە (ڕادە) ناو دەبرێن، بۆ نمونە:

هەندیٚ (٤٠)– گەلیٚ (١١٥) – کۆلیٚ (٣٧) – بڕیٚ ( ١٣٠)– کەمیٚ ( ٦٣).

٤- تیاچوونی دەنگی (ك) لە ئاوەڵکاری کاتیدا، بۆ نمونە: درەنگانیٚ( ٤٨) – وەختیٚ( ١٠٢/٥٦)– تاریکەشەویٚ( ١٠٨) – تاویٚ (١٦/٤٣/١١٥/١١٤/١٠٦/٧٦/٧٧/٩٢/٨٧/٧٤/٧٥/٨٨) – جاریٚ (١٠٧) – قەیریٚ (٥٩/٧٧/٨٢) – تاوناتاویٚ (١٤/١٢٤/١١٥).

– دەنگی (ك) لەو وشانەی ڕۆمانەکەدا تیاچووە کە ئاوەڵناونو مۆرفیمی پلەی بەراوردیان خراوەتەسەر، ئەو ئاوەڵناوانە بە دەنگی (ك) کۆتاییان هاتوە لەکاتی خستنەسەری مۆرفیمی پلەی بەراورددا دەنگی (ك)ەکە تیادەچێت لەبەر ئاسانی دەربڕینو ئابوریکردن، بۆ نمونە: چاکتر + ترین ← چاکترین ← چاترین (١٠٤)

چاکتر + تر ← چاکتر ← چاتر (١٠٦).

- **تیاچوونی دەنگی (هـ):**

ئەم تیاچوونە دابەشدەبێت بەسەر دوو جۆردا:

١- تیاچوونی دەنگی (هـ) لە (ناو)دا، بۆ نمونە: خۆرهەتاو ← خۆرەتاو (١٠)

٢- تیاچوونی دەنگی (هـ) لە(کار)دا، بۆ نمونە: هەڵهێنێتەوە ← هەڵێنێتەوە (٢٩) – بەجیٚ بهێڵم ← بەجیٚ بێڵم ( ٦١)– جێم بهێڵین ← جێم بێڵین (٦٧) – جیٚ بهێڵین ← جیٚ بێڵین (٨٥).

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە هەندیٚ جار لە هەندێك کاردا تیاچوونی دەنگی (هـ) دەبێت بە تیاچوونی (ەهـ)، بۆ نمونە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هەڵدەهێنجا | ← | هەڵدێنجا (٣٢) | جیٚ دەهێڵن | ← | جیٚ دێڵن (٨٠) |
| ڕادەهێنا | ← | ڕادێنا ( ٥١) | وەئاگا دەهێنا | ← | وە ئاگا دێنا (١٠٩) |
| ژن دەهێنیٚ | ← | ژن دێنیٚ ( ٦٧) | هەڵدەهێنن | ← | هەڵدێنن ( ١٣٣) |

- **تیاچوونی دەنگی (د):**

ئەمجۆرە لە (ناوی سادە و ناوی داڕێژراوو کاری داخوازی و گرێی ئاوەڵکاریشدا) دەبینرێت.

لەناوی سادە، بۆ نمونە: بخوورد ← بخوور ( ٧٤)

لەناوی داڕێژراو، بۆ نمونە: زامدار ← زامار ( ٨٢)


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

لەکاری داخوازیدا بۆ نمونە: رووخسەتم بدەریَ ← ڕووخسەم بەریَ ( ١٣١)

لە گرێی ئاوەڵکاریدا، بۆ نمونە: لە ترساندا ← لە ترسانا ( ١٢٦)

لە برساندا ← لە برسانا ( ١٠٨)

- **تیاچوونی دەنگی (رە) و (دە):** بۆنمونە: دەرەلینگ ← دەلینگ (٤٣)

وەدەرکەوتن ← وەرکەوتن ( ١٢٦)

- **تیاچوونی (ەوە):** بۆ نمونە: دەرگام لیَ بکەنەوە ← دەرگام لیَ وەکەن ( ١١٨–١٢٢–١٢٣)
- **تیاچوونی دەنگی (م):**

ئەم تیاچوونە لەو کارانەدا ڕوودەدات کە جێناوێکی (سەربەخۆی خۆیی)یان لەگەڵدایە، بۆ نمونە:

خۆم دەکوژم ← خۆ دەکوژم ( ل: ٥٧ )

خۆم ون کەم ← خۆ ون کەم (١٢٢)

خۆم بخزێنمە ← خۆ بخزێنمە (١٢٢ – ١٢٣)

لە خۆی دادەتەکاند ← لە خۆ دادەتەکاند ( ١٣٠)

خۆم قوتارکەم ← خۆ قوتارکەم (١٣٣)

هەندێك جار لە جێناوە سەربەخۆکەدا (یان) تیا دەچێت، چونکە لەو کاتەدا جێناوەکە بۆ کەسی سێیەمی کۆ بەکاردەهێنرێت، یان (مان) تیادەچێت، کە بۆ کەسی یەکەمی کۆ بەکاردێت، بۆ نمونە:

خۆمان بپارێزین ← خۆ بپارێزین (ل: ٧٨)

خۆیان دواخەن ← خۆ دواخەن ( ٩٠)

- **تیاچوونی دەنگی (وو):**

ئەمجۆرە لەو کارانەدا تیادەچێت کە کاری ڕابردووی دوورن و لە (بوون)ەوە وەرگیراون، بۆ نمونە:

نەبووبووم ← نەببووم ( ل: ٩)

وشك نەبووبۆوە ← وشك نەببۆە (٧٦)

بووبوونە ← ببوونە ( ١٠٨)

- **تیاچوونی دەنگی (ان – ئە – یە – ی):**

بۆ نمونە: پیَ پلیکانەکاندا ← پیَ پلیکەکاندا ( ل:٧١)

هەمدیسان ← هەمدیس (٢٥– ٤٢– ٨٢– ١٢٣)

لەئەودیو ← لەودیو (١١)

بۆ ئەوەی خواستووە ← بۆ وەی خواستووە (٢٧)

ئەگەر ← گەر ( ٨٣)

ئەوان ← وان (١١٢)

غیرەتیان دەدایە ← غیرەتیان دەدا ( ٦٧)

هەستایەوە سەرپیَ ← هەستاوە سەرپیَ (٨٥)

زڕدایك ← زڕداك (٢١)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەدووی خۆیدا ← بەدووخۆدا (١٦)

وەی لەدەستی تۆ ← وەی لە دەست تۆ (١٠٥)

- **تیاچوونی دەنگی (ر):**

هەندێك جار لە كاردا دەنگی (ر) تیاچووەو نەماوە، بۆنمونە: تێ پرژاند ← تێ پژاند (٧٤–٧٩)

بپرژێنێ ← بپژێنێ (١٠٠)

- **تیاچوونی دەنگی (ن):**

لە كارانەدا تیاچوونی ئەم دەنگە دەبینرێت كە كاری ڕابردووی بەردەوامنو لەناو كارەكەدا جێناوی لكاو بۆ كەسی (یەكەم و دووەم و سێیەم)ی كۆ بەكارهاتووە، لەبەرئەوەی كۆتایی جێناوەكە دەنگی (ن)ە، سەرەتای قەدی كارەكەش دەنگی (ن)ە، بۆ یەكێكیان تیادەچێت، بۆ نمونە: دەیاننركاند ← دەیانركاند (٢٦)

- **تیاچوونی (كە):** بۆ نمونە: چونكە ← چون (١٩)

لێرەدا تیاچوونی (كە) كار لەسەر واتاكەی ناكاتو لە چوارچێوەی هەمان واتادا بەكارهاتووە.

- **تیاچوونی (گە):** بۆ نمونە: جێگە ← جێ (١٩)

- **تیاچوونی دەنگی (و) :** بۆ نمونە: زولێخا ← زلێخا (١٦)

لێرەدا دەنگی (و) تیاچوەو وشەكە كورتو ئاسان بووەتەوە بەهەمان واتای خۆیەوە ماوەتەوە.

- **تیاچوونی دەنگی (ێ):** بۆ نمونە: دەلێسنەوە ← دەلسنەوە (١٠٥)

جۆرێكی تر لە ئابوریكردن هەیە لە ڕۆمانەكەدا كە زیاتر كورتكردنەوەیە، چونكە لەهەندێك شوێندا (دوو تا سێ) دەنگ كورتكراوەتەوە بۆ (یەك) دەنگ، ئەم كورتكردنەوانەش دەكرێن بە دوو جۆرەوە:

**یەكەم/** ئەو وشانە دەگرێتەوە كە (سێ) دەنگ كورتدەكرێتەوە بۆ تەنها دەنگێك، بۆ نمونە:

١- وویە ← ۆ

| وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| وردەبۆوە | ١٦ –٤٣ | شۆڕكردبۆوە | ٤١–٤٢–٤٣–٨٠ | بلاوبۆوە | ٨٤ |
| كردبۆوە | ٢١–٦٢ | نزم دەبۆوە | ٥١ | نەدەبۆوە | ٩٣ |
| بەستبۆوە | ٣٣ – ٤٠ | نەدەچۆوە | ٥٨ | تێ هەلدەچۆوە | ٩٦ |
| تێ دەچۆوە | ٣٩ | بلاوكردبۆوە | ٦٤ | دوورنەكەوتبۆوە | ١٢١ |
| ڕۆژدەبۆوە | ٣٩ | وشك نەبۆوە | ٧٦ | مابۆوە | ١٢٧ |
| وتبۆوە | ٤١ | دۆزی بۆوە | ٧٦ | | |

٢- ەوە ← ێ ، بۆنمونە:

پێشەوە ← پێشێ (١٢ – ٣١)

دەرەوە ← دەرێ (١٢ – ٤٥ – ٥٦ –٦٢– ٦٦– ٧٣ – ٧٤ – ٨٢ – ١٠٩ – ١١٧ – ١١٩)


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

خوارەوە ← خوارێ (٥١)

سەرەوە ← سەرێ (٥١)

**دووەم/** ئەو وشانە دەگرێتەوە کە دوو دەنگیان کورت کراوەتەوە بۆ یەك دەنگ، بۆ نمونە: ووە ← ۆ

بیرچووەتەوە ← بیرچۆتەوە (٢٦)

بەربووەتەوە ← بەربۆتەوە (٢٦)

کردووەتەوە ← کردۆتەوە ( ٦٢)

نەهاتووەتەوە ← نەهاتۆتەوە (٨٦)

**سێیەم/** ئەو وشانە دەگرێتەوە کە ئامرازی پەیوەندی (بە) یان تیادا لەناوچووەو دەنگی (ی) گۆڕاوە بۆ دەنگی (ێ)، بۆ نمونە: بە سووکی ← سووکی (٥٢- ٨٢- ٩٧) ، بە تەواوی ← تەواوی ( ٩٩)

**دووەم: یاسای (جێگۆڕکێ)ی دەنگ:**

مەبەست لەجێگۆڕکێی دەنگ گۆڕینی فۆنیمێك یان زیاترە، ئەم دیاردەیە لەنێوان دەنگە دراوسێکانی وشەیەکدا ڕوودەدات، هەندێك جار پێی دەوترێت " هەڵگەڕانەوە"، چونکە لەم دیاردەیەدا دەنگە نزیكو دراوسێکان هەڵئەگەڕێنەوە، واتە شوێنەکانی خۆیان دەگۆڕنەوە، هەندێك جار ( وشەکە بەهەردوو شێوەکەی لەیەك زاردا دەبینرێت، هەندێك جاریش هەر شێوەیەکو لە زارێکدا دەردەکەوێتو بەکاردێت، بەڵام هەندێ جاری تر دیاردەکە پەیوەندی بە جیاوازی چینی کۆمەڵایەتیو ئاستی ڕشنبیریەوە هەیە، بەدەربڕینێکی تر یەکێك لە دوو شێوەکەی وشەکە کۆمەڵێکی تایبەت لە خەڵك بەکاری دەهێننو مۆرکی ئەو چینو توێژەی پێوە دیار دەبێت)[١٣]. ئەو نمونانەی لەڕۆمانەکەدا هەن دەربارەی جێگۆڕکێی دەنگ دابەشی دەکەینەسەر چوارجۆر:

١- جێگۆڕکێی دەنگ لەناو یەك زاردا: ئەو وشانە دەگرێتەوە کە جۆری جێگۆڕکێکەیان لەناو یەك زاردایە، واتە لەنێوان قسەپێکەرانی یەك زاری زمانێکدا جێگۆڕکێی ڕوودەدات، بۆ نمونە:

چرنووق ← نقورچ ( ١١ – ١٦- ٧٦ )

جگەر ← جەرگ ( ٢٠ – ٢٧)

٢- جێگۆرکێی بەهۆی زار و بەشەزاری جیاوازەوە دروست دەبێت، هەرچەندە ڕۆمانەکە بەزمانی شیرینی کوردی و زاری کرمانجی خواروو نوسراوە، بەڵام لەهەندێك شوێندا مۆرکی شێوەزاری (هەولێر)ی پێوە دیارە، بۆ نمونە: قرچە قرچ ← چرقەچرق (٢٣)

٣- لە ڕۆمانەکەدا نمونەمان نیە لەبارەی جێگۆڕکێکردنی دەنگەکان بەهۆی نزمی ئاستی ڕۆشنبیری قسەکەری زمانی کوردییەوە دروست بوبێت (بۆنمونە: مێرووله ← مێلوورە ، ئاسایش ← ئاشایس ...هتد)، بەڵام نمونەمان هەیە لە هەندێك وشەی زمانی عەرەبیدا، کە لەزمانی کوردیدا بەشێوەی جێگۆڕکێ بەکاردێت، بۆنمونە: لەعنەت ← نەعلەت (٤٣)

[١٣] د. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، ٢٠١١: ١٢٢.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤- لەبارەی جێگۆرکێی دەنگ لەشێوەی وشە بێگانەکان کاتێك لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت ( بۆنمونە: یۆنان ← وێنان ، یوسف ← وێسف ...هتد)، هیچ نمونەیەکمان نییە لەڕۆمانەکەدا لەمبارەیەوە.

**سێیەم/ یاسای دەنگە گۆرکێ**

یەکێکی ترە لە دیاردە یان یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی، بریتیەلە گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر بە بێ ئەوەی کار بکاتەسەر گۆڕانی واتا، واتە گۆڕانی ئەو دەنگە بە دەنگێکی تر کار لە واتای بنج (وشەکە خۆی) ناکات. بە دەربڕینێکی تر (دەنگێکی وشەیەك لە قسەی هەندێك کەسدا کەگۆڕێت بە دەنگێکی تر لە ئاخاوتنی کەسانی تردا بەبێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە، واتە هەمان وشە لە دوو فۆرم یان زیاتردا دەبینرێت بەهەمان واتا)[14] .

هەندێ جار دوو شێوەی وشەکە لەیەك زاردا هەن، بەڵام جاری واش هەیە هەر شێوەیەکی وشەکە لە زارێکی تایبەتدا بەکاردێت، بۆ نمونە لەیەك زاردا: ئەژمار ← هەژمار، قورئان ← قورعان

نمونەی ئەمجۆرە لەڕۆمانەکەدا لە یەك زاردا، بۆ نمونە: هەژمێر ( ل: ١٣١) – هەڵقاو هەڵق (ل: ١٢٦)

لە دوو بەشە زاردا:

| سلێمانی | هەولێر |
|---|---|
| سوور | سۆر |
| تۆ | ئەتو |

لە وشەکاندا هەست بەوە دەکرێت کە گۆڕینی دەنگەکە بە دەنگێکی تر، کاریگەری نەبووە لەسەر گۆڕینی واتای وشەکە، بەڵکو هەردوو وشەکە یەك واتاو مەبەستی گەیاندوە. نمونەی ئەمجۆرە لەڕۆمانەکەدا:

| لەشێوەزاری سلێمانی | لەشێوەزاری هەولێر | لاپەرە |
|---|---|---|
| زیاتر | پتر | ٥٢ |
| یەکتر | یەکدی | ٦٤- ٨٤ |
| لەنێو | دەنێو | ٨٢ – ٧٣ – ١٢٩ |

لەسەرەتا تا کۆتایی ڕۆمانەکە ئەم دیاردە دەنگیە تاڕادەیەك دەبینرێت، بەڵام لەرووی واتاوە گۆڕانکارییەکان هیچ کاریگەرییەکیان نیە، بەڵکو تەنها گۆڕانکاری لەشێوەی وشەکە ڕوودەدات. ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردیدا لەچەند شێوەیەکدا دەبینرێت:

**یەکەم/ گۆڕینی کۆنسنانت بە کۆنسنانت، گۆڕینی دەنگی نەبزوێن بە دەنگی نەبزوێن:**

١- گۆڕینی دەنگی نەبزوێنی (خ ) بەدەنگی نەبزوێنی ( غ):

| وشە | لاپەرە | وشە | لاپەرە |
|---|---|---|---|
| خەمگین ← غەمگین | ١١ – ٤٦ | خل بوونەوە ← غل بوونەوە | ٤٣ – ٧١ |
| ساخ ← ساغ | ١٢ | تیخ ← تیغ | ٤٧ |
| سواخ ← سواغ | ١٨ – ٢٣ – ٧٩ – ١١٥ | وەجاخ ← وەجاغ | ٩١ |
| قاچاخ ← قاچاغ | ٢٢ | گوێ قولاخ ← گوێ قولاغ | ١١٦ |

[14] د. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، ٢٠١١: ١٢٣.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەشەولاغ ← ڕەشەولاخ | ٣٣ | خەوش ← غەوش | ١٢٨ |

٢- لەچەند شوێنی ڕۆمانەکەدا دەنگی نەبزوێنی (س) گۆڕاوە بۆ (ص) کە دەنگێکی عەرەبیەو لە وتن یان لە قسەکردندا بە دەنگی (ص) دەردەبڕدرێت، بەڵام بە نوسین هەر دەنگی (س)ە، بۆ نمونە:

ساف ← صاف (ل: ١٥)

سەد ← صەد ( ل: ٣٤)

شەست تیر ← شەصت تیر ( ل: ٤٥)

غوسل ← غوصڵ ( ل: ٤٨)

قەساب ← قەصاب ( ل: ١٢٤)

٣- لە ڕۆمانەکەدا لە هەندێ جێگە دەنگی نەبزوێنی (ئـ) گۆڕاوە بۆ (هـ)ی نەبزوێن، بۆ نمونە:

ئەڵقە ← هەڵقە (ل : ٦٨-٦٩- ٧٦ -٧٧ - ١٠٠ - ١١٣ - ١٢٥)

ئەوەڵجار ← هەوەڵجار (ل :٣٢ - ٥٠ - ٨٥)

٤- وشەی (ژەهر) لە چەند شوێنێکی ڕۆمانەکەدا دیاردەی دەنگە گۆڕکێی بەخۆوە بینیوە، دەنگی سەرەتای وشەکە، واتە دەنگی نەبزوێنی (ژ) گۆڕاوە بۆ (ز)، بۆ نمونە: ژەهر ← زەهر ( ل: ١٤ - ٤٧)

٥- گۆڕینی دەنگی نەبزوێنی (ش) بە دەنگی نەبزوێنی (ژ)، بۆ نمونە: لێو کرۆشتن ← لێو کرۆژتن (ل: ١٨)

ژیشك ← ژیژك (ل :٧٨)

٦- گۆڕینی دەنگی نەبزوێنی (ك) بە دەنگی نەبزوێنی (ق)و بە پێچەوانەشەوە، بۆ نمونە:

( ك ← ق): زیکن ← زیقن (ل:١١) ، دەیانزیکاند ← دەیانزیقاند (ل:٨٠)

(ق ← ك): چرنووق ← چرنووك (ل: ١١٨)

٧- گۆڕینی دەنگی نەبزوێنی (ج) بۆ (چ)و بە پێچەوانەشەوە، بۆنمونە:

أ/ ( چ ← ج ) : چرنووق ← جرنووق (ل :٦٣- ٨٣ - ٩٠)

ب/ ( ج ← چ ): پەنجەرە ← پەنچەرە ( ل: ١١٧)

٨- گۆڕینی دەنگی نەبزوێنی (ل ) بۆ (د)، بۆ نمونە: لەنێو ← دەنێو (ل: ١١ - ١٢٤)

٩- گۆڕینی دەنگی نەبزوێنی (ڕ) بۆ دەنگی نەبزوێنی (ل) بۆ نمونە: خڕخاڵ ← خڵخاڵ (ل: ٧٧)

١٠ - دەنگی نەبزوێنی (هـ) دوو جۆر دەنگە گۆرکێی بەسەردا هاتوە بەمشێوەیە:

یەکەم/ دەنگی نەبزوێنی (هـ) گۆڕاوە بۆ دەنگی نەبزوێنی (ح)، بۆ نمونە:

هەفتە ← حەفتە (ل: ٣٥)

گوناه ← گوناح (ل: ٣٩)

دووەم/ گۆڕینی (هـ) بۆ (ی)، بۆ نمونە: تەنها ← تەنیا (ل: ٢١ - ٣٣ - ٤٦)

١١- دەنگی نەبزوێنی (ب) دوو شێوە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەمشێوەیە:

یەکەم/ گۆڕینی دەنگی (ب ← و)، بۆ نمونە: بە ئاگا ← وە ئاگا ( ل: ٧١ - ١٠٩ - ١٢٨)

دووەم/ گۆڕینی دەنگی (ب ← پ)، بۆ نمونە:

ئەسباب ← ئەسپاپ (ل: ١٥)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خەراب ← خەراپ (ل: ٢٩)

بۆدرە ← پۆدرە ( ل: ٧٩)

١٢- گۆڕینی دەنگی نەبزوێنی (پ ) بۆ (ب)، بۆنمونە: پاپووچ ← بابووچ (ل: ١٤ – ١٠٤)

١٣- دەنگی نەبزوێنی (ك) دوو جۆر گۆڕانی بەسەردا دێت بەمشێوەیە:

یەکەم/گۆڕینی (ك ← هـ)، بۆ نمونە: رووناکی ← ڕۆناهی (ل: ٤٩)

دووەم/ گۆڕینی دەنگی (ك ← گ)، بۆ نمونە: چارۆکە ← چارۆگە ( ل: ٢٥)

تورەکە ← تورەگە (ل: ٥٣ – ٨٦)، گەشکە ← گەشگە (ل:١٠٧)

١٤- گۆڕینی دەنگی (ش ← س)، بۆ نمونە: مشت ← مست (ل :٢٠ –٢٥)

١٥- گۆڕینی دەنگی نەبزوێنی ( ز ← س)، بۆ نمونە: وەڕز ← وەڕس (ل: ١٥ – ٥٧)

١٦- گۆڕینی (ت ← ب)، بۆ نمونە: جریت بازی ← جریب بازی ( ل :٨٧)

١٧- هەردوو دەنگی نەبزوێنی (نج) بە یەکەوە گۆڕاوە بۆ دەنگی نەبزوێنی (ژ)، بۆ نمونە:

تانجی ← تاژی (ل: ٧٧ – ٨٠)

١٨- دەنگی نیمچە بزوێنی (و) گۆڕاوە بۆ دەنگی (ر)، بۆ نمونە: ژەنگاو ← ژەنگار (ل:٣٣)

١٩- دەنگی نیمچە بزوێنی |(ی) بە دوو شێوە دەگۆڕێت:

أ- گۆڕانی دەنگی (ی ← ت)، بۆ نمونە: هەڵمژی ← هەڵمژت ( ل: ١٢٥)

ب- گۆڕانی دەنگی (ی ← گ)، بۆ نمونە: ئاسوودەیی ← ئاسوودەگی (ل :٥٣–٧٣)

٢٠- جۆرێکی تر لە دەنگەگۆرکێ ئەوەیە کە هەندێك جار لە کاری رستەیەکدا ڕوودەداتو تەنها دەنگێك بە دەنگێکی تر ناگۆڕێت، بەڵکو (سێ) دەنگی دەگۆڕێت بە (دوو) دەنگی تر، ئەمە کەمێك جیاوازو نامۆترە لە جۆرەکانی تری دەنگە گۆرکێ، بۆ نمونە گۆڕینی دەنگی (گێر ← ای) بۆ نمونە:

هەلگێرسابوو ← هەڵایسابوو (ل :٩٠)

هەندێك جار بە پێچەوانەوە( دوو) دەنگی وشەیەك دەگۆڕێت بە (سێ) دەنگی تر لە هەمان وشەدا، بۆ نمونە گۆڕینی (دا ← ڕوو) بۆ نمونە: دانیشت ← ڕوونیشت (ل: ١٢ – ٨٤)

**دووەم/ گۆڕینی دەنگی بزوێن بە بزوێن:**

دیاردەی دەنگەگۆرکێ دەبینرێت لە هەندێ دەنگی بزوێنی چەند وشەیەکدا، واتە دەنگە بزوێنێك دەگۆڕێت بە بزوێنێکی تر، ئەمەش لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

١- گۆڕانی دەنگی بزوێنی (ێ ← ا)، بۆ نمونە:

دەرهێنیێ ← دەرهانیێ (ل: ١٩)

دەهێنا ← دەهانی (ل: ٤٣)

دەرهێنا ← دەرهانی (ل: ٥٩ – ٧١)

هێنا ← هانی (ل: ١٢١)

٢- گۆڕینی (ا ← ێ) بۆ نمونە:

لەناو ← لەنێو (ل: ١٩)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پیَ دەرهێنیَ ← پیَ دەرهانیَ (ل:١٩)

زیادە ← زێدە (ل :٤٦)

٣- گۆڕینی ( ا ← ە)، بۆ نمونە:

وای ← وەی ( ل: ١٠ – ١٩ –٢٢)

شوورا ← شوورە (ل: ١٢- ١٦ – ٢٢- ٥٧ – ٦٩ – ١٠٠ – ١١٨ – ١٢٤)

سەگەبەوەفاكانم ← سەگەبەوەفەكانم (ل: ٩١)

٤- گۆڕینی (ا ← ی ) بۆ نمونە:

دەهێنا ← دەهانی (ل: ٤٣)

گەوزان ← گەوزین (ل :٥٤)

٥- دەنگە گۆڕكیَ لە دەنگە بزوێنی (ی ← یَ)، بۆ نمونە:

دەهاویشت ← دەهاوێشت (ل: ٥٢)

یانی ← یانیَ (ل: ١٢٩ )

تەزبیح ← تەزبێح (ل :١٣١)

٦- گۆڕینی دەنگی (ە ← ا)، بۆ نمونە:

هاكەزایی ← هاكازایی (ل :١٢٧)

پاشەوپاش ← پاشاوپاش ( ل: ٨٧)

٧- گۆڕینی دەنگی (ە ← یَ)، بۆ نمونە:

چونكە ← چونكیَ (ل: ٨٠)

ئێستاكە ← ئێستاكیَ ( ل: ١١٥)

٨- گۆڕینی دەنگی (ەی ← یَ)، بۆ نمونە:

زولەیخا ← زلێخا ( ل: ١٦)

**سێیەم / گۆڕینی دەنگی بزوێن بە دیفتۆنگ**، بۆ نمونە:

خیَ ← خویَ (ل: ٥٠)

خێن ← خوێن ( ل: ٦٤)

**چوارەم: یاسای جیابوونەوەی دەنگ**

ئەمەش یەكێكی ترە لە یاسا فۆنۆلۆجییەكانی زمانی كوردی، كە تیایدا فۆنیمێك دەگۆڕێت بە فۆنیمێكی تر، لە ئەنجامی چوونە پاڵ یەكی دوو فۆنیمی لێكچوو یان لێك نزیك بۆ ئاسانكردنی دەربڕین، (هەندیَ جار دوو دەنگی وەك یەك كە دەچنەسەر یەك، یەكێكیان دەگۆڕیَ بە دەنگێكی تر بۆ ئاسانی)[١٥]، بۆ نمونە:

پاش + شێو ← پارشێو (لێكچوو – دەنگی وەك یەك)

پاش + سەنگ ← پارسەنگ (دەنگی نزیك لە یەك)

[١٥] د. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، ٢٠١١: ١٢٢.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە دوو نمونەکەوە ئەوە دەردەکەوێت کە یەکێك لە دوو دەنگەکە (دەنگی کۆتـایی وشـەی یەکـەمو دەنگـی سـەرەتای وشەی دووەم) دەگۆڕێت و ئەوی تریان دەمێنێتەوە، ئەمەش دەبێتە خاڵی جیاوازی نێوان ئەم یاسایە لەگـەڵ یاسـای (تیاچوونی دەنگ)و (دەنگـە گـۆڕکێ)دا، لەبەرئـەوەی ئەگـەر تیاچـوونی دەنـگ بێـت، نابێـت لـە شـوێنی ئـەو دەنگـە دەنگێکی تر پەیدابێت، هەروەها ئەگەر دەنگە گۆڕکێش بێـت، دەبێـت بگۆڕێـت بـە دەنگێکـی تـر نـەك دەنگێکـی تـر زیادبێت یان ئەگەر دەنگە گۆڕکێ بێت، نابێت دوو فۆنیمەکە لێك جیاببنەوە. جێی سـەرنجە لەسـەرتاپای ڕۆمانەکـەدا ئەم یاسا فۆنۆلۆجیەی زمانی کوردی کە یاسای (جیابوونەوەی دەنگ)ە بەدیناکرێت.

**پێنجەم/ یاسای گونجانو نەگونجانی دەنگ**

ئەم یاسایە ئەو دەنگانە پیشـان دەدات کـە لەگـەڵ یـەکتر دەگـونجێنو ڕێکدەکـەون یـان بەپێچـەوانەوە بەیەکـەوە هەڵناکەنو ناگونجێن.

**گونجانی دەنگ:** لە ڕۆمانەکەدا چەند شێوە گونجانێکی دەنگمان هەیە، واتـە هەنـدێك دوو دەنگمـان هەیـە کـە زیـاتر پێکەوە لە تەنیشتی یەك دەبینرێن، چونکە پێکەوە تەباو و گونجاون.

١- / رد /: لە سەرەتا تا کۆتایی ڕۆمانەکە ئەم دوو دەنگە بەڕێژەیەکی زۆر دوابەدوای یەك هاتووە، لەبەرئـەوەی زۆر گونجاو و نزیکن لە یەکتر، بۆیە بەگشتی لە زمانی کوردی و لە ڕۆمانەکەدا بەتایبەتی زۆر بەرچاو دەکەوێت، بۆ نمونە:

| وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەمردووم | ١٠ | بردی | ٣٦ | دەرمـــــان خوارد | ٨١ | پەژمووردە | ١١٥ |
| هەناسەسارد | ٧٣/١١ | بەردین | ٣٦ | وەردێنا | ٩٠ | گەردەلوول | ١١٧/١١٥ |
| گەردن | ٤٠/١٣ | خوارد | ٦٩/٣٦ | دەست بەردار | ٩٣ | گرد | ١٣٤/١١٩ |
| دەردێنن | ١٥ | بەردەم | ٦٠/٣٨ | دەژمارد | ٩٦ | سەردەم | ١٢٤ |
| وردە | ١٥ | بەردەکەوت | ٤٢ | زەردە | ١٢٩/٩٨ | چواردەور | ١٢٨/١٢٥ |
| نامەردانە | ٨٢/١٦ | ئاگردەدا | ٤٢ | خۆڵوەردان | ٩٩ | زەرداو | ١٢٦ |
| بەرد | ٧٨/١٧ | زەرد | ٧٠/٤٣ | پەردوو | ١٢٢/١٠١ | غاردەدەن | ١٢٦ |
| وەردەدا | ٨٩/١٧ | نامەرد | ٨٥/٤٧ | ورد دەبوەوە | ١٠٢ | هەردووکتان | ١٢٩ |
| سەردەم | ١٩ | سپاردووە | ٤٧ | نەبەرد | ١٠٣ | بەردەوام | ١٣٠ |
| ڕابردوو | ١٩ | بیردەچێتەوە | ٥٨ | گردەبوونەوە | ١٠٤ | گەردیلـــــە گەردیلە | ١٣١ |
| وردیلە | ٤٦/٢١ | وێڵ گەرد | ١١٦/٦٠ | کەڵەمێرد | ١٠٦/١٠٥ | شاگرد | ١٣٤ |


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەردە | ٢٢ | سەردار | ٦٥ | عەرد | ١٠٧ | | |
| شاردەوە | ١٠٠/٢٣ | کرد | ٦٨ | هاودەرد | ١٠٨ | | |
| مێردمنداڵ | ٢٥ | گەردانە | ٧٠ | کورد | ١١١ | | |
| بەردەدەنەوە | ٣٠ | دەســـتیان لێ بەردا | ٧٢ | مەردووم | ١١٣ | | |
| هۆردوو | ٣٠ | چواردەستە | ٧٣ | بواردووە | ١١٤ | | |
| فەردە | ٣٤ | وردە ئەستێرە | ٧٣ | بەردەڵان | ١١٩/١١٤ | | |
| چواردە | ٣٦/٣٥ | هاورد | ٧٤ | دەیانشۆرد | ١١٥ | | |

٢- / رم /: بۆ نمونە:

| وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شەرم | ١٦/٩ | گەرمیان | ٣٥ | سەرما | ٧٦/٤١ | دەرمان خوارد | ٨١ |
| تارمایی | ١٢/١٠ | سەرمەستانە | ٣٥ | کرم | ٤٦ | بارمتە | ٢٧ |
| فرمێسك | ٣٤/١٨ | قاڵدرمە | ٣٦ | نەرم | ٧٣/٦٥ | نەرمەغار | ١٠٢ |
| فەرمان | ٣٧/٢٢ | گەرم | ١٠٢/٣٨ | شەرمنانە | ٦٦ | بژمێرم | ١٢٠ |
| بشارمەوە | ٢٣ | شەرمن | ٧٠/٣٩ | بمرم | ٦٧ | کرم تێ کەوتوو | ١٣٣/١٣٢ |
| دەرمان | ٢٦ | گەرما | ٤١ | فەرموو | ٦٧ | بەسەربەرم | ٣١ |
| تەرم | ٧٤/٢٧ | فەرمایشت | ٤١ | دڵگەرمانە | ٦٩ | | |
| گرمە | ٣٣ | دەفەرموون | ٤١ | حورمەت | ٨١ | | |

٣- / رت / بۆ نمونە:

| وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پرتەپرتکەر | ١٠ | خوارتر | ٤٧ | قرتە | ٦٤ | سورتر | ١١٥ |
| تورت | ٤٧/١٦ | لنگەفرتێ | ٤٨ | پەرت | ١٢٠/٧٠ | بەرتیل | ١٣٣/١٣٠ |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێم گرت | ٢١ | کەرتەشاخ | ٥٣ | ئەستوورتر | ٩١ | بەرتەسك | ١٣٠ |
| دارتوو | ٢٣ | ورتە | ٥٧ | کەرت | ١٠٠ | | |
| کورت | ٦٤/٢٦ | هەڵقورتاند | ٥٩ | کورتەك | ١٠١ | | |
| ورتەورت | ٤٣ | قرتاند | ٩٠/٦٤ | قۆرت | ١١٣ | | |

**٤- /ست/، بۆ نموونە:**

| وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێست | ١١٩/٩ | هەست | ٤٨/٣٨ | هەلپەرست | ١٠٣ | بڕست | ١٣٥/٢٧ |
| دەست | ١١٨/١٠ | دەیویست | ٥٥ | ڕاستی | ١١١ | گۆڕستان | ١٣٥/١٢٩ |
| ئاست | ١٢ | مست | ٥٥ | هەڵبەست | ١٢٩/١١١ | ئێستا | ١٣١ |
| دەگواستەوە | ١٢ | خەست | ٥٨ | خۆشەویستی | ١١١ | بست | ١٣٣ |
| وەستا | ٧٥/١٣ | خست | ٩٧/٥٩ | دەمخواست | ١١٣ | نابیستم | ١٣٥ |
| ماست | ١٣ | سەربەستی | ٧٦/٦٠ | دەستخەڕۆ | ١١٩ | ئەستەم | ١٣٥ |
| خواست | ٥٣/١٨ | بەست | ١١٩/٦٨ | هەستایەوە | ١٢٤ | | |
| مەست | ٧٢/٣٥ | ناوەڕاست | ٧٢ | ڕاست | ١٢٦/١٢٤ | | |
| خوست | ٥٣/٣٨ | بەستە | ٧٦ | کەڵەموست | ١٢٤ | | |

**٥- /شت/، بۆ نموونە:**

| وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هێشتا | ٩٤/١٠ | کوشت | ١٢٨/٣٧ | پشت | ١٠٨/٥٩ | دەکرۆشت | ٩٦ |
| خشت | ١٠ | دەڕشت | ٥٤/٤٧ | نیشتنەوە | ٨٣ | باوك کوشتە | ١٣٤/١٠٣ |
| ناشت | ١٢ | ڕۆیشتن | ٥١ | ڕوونیشتن | ٨٤ | نەهێشت | ١٠٨ |
| نیشتوو | ١٦/١٣ | مشتوو | ٥٣/٥١ | هەڵڕشت | ٨٤ | سروشت | ١٢٠ |
| نەدەگەیشتن | ١٣٢/٢١ | ڕشت | ٥٥/٥٣ | دەشیت | ٩٤/٨٤ | پێشتر | ١٢٩ |


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فەرمایشت | ٥٩/٢٢ | ڕشتن | ٥٥/٥٣ | خورشت | ٨٩ | | |
| گۆشت | ١٣٠/٢٤ | بـــــــــەجێ | ٥٥ | | | | |
| بنێشت | ٣٠ | دەهێشت | | | | | |

٦- /ان/، بۆ نمونە:

| وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شێتانە | ١٠ | باخەوان | ٥٦ | زێوان | ٩٥ | ددان | ١١٩ |
| بەرەبەیان | ١١ | لێوان | ٥٧ | گومان | ٩٦ | بەردەلآن | ١١٩ |
| متمانە | ١٢ | بەیان | ٥٩ | جوانوو | ٩٦ | هانکەهانک | ١٢٠ |
| کالان | ١٣ | پەنهان | ٦٠ | پاشووان | ٩٨ | تانجی | ١٢٠ |
| دەرمان | ١٤ | چیچکان | ٦٣ | سمکۆلآن | ٩٨ | شەشە | ١٢٠ |
| نیگەران | ١٤ | دیوەخان | ٦٤ | پاسەوان | ٩٨ | میوان | ١٢١ |
| جوان | ١٤ | خەوتنان | ٦٨ | فرکان | ١٠٠ | ژان | ١٢١ |
| زیندان | ١٥ | پان | ٧٢ | گران | ١٠٣ | هەندەران | ١٢١ |
| نیشان | ١٥ | چراخان | ٧٥ | حەیرانبێژ | ١٠٤ | خۆتان | ١٢٢ |
| ڕان | ١٦ | ئاسمان | ٧٧ | پەشیمانی | ١٠٤ | زمان | ١٢٤ |
| تانە | ١٨ | وەچان | ٧٧ | حەیزران | ١٠٥ | کەوان | ١٢٤ |
| گۆرانی | ١٩ | هەراسان | ٧٨ | داغان | ١٠٦ | تاوانبار | ١٢٤ |
| ئێواران | ١٩ | شاهانە | ٨٠ | قوربانی | ١٠٧ | کانی | ١٢٥ |
| شانە | ٢٢ | ئاخۆران | ٨١ | ئەرخەوان | ١٠٧ | تەکان | ١٢٥ |
| فەرمان | ٢٢ | بخۆران | ٨١ | دەعەجانی | ١٠٧ | قوربان | ١٢٧ |
| وێران | ٢٣ | سەیران | ٨١ | هەڵەداوان | ١٠٨ | خوان | ١٢٧ |
| جاران | ٢٥ | هەمووان | ٨١ | گرانی | ١١١ | ئێسقان | ١٣٠ |
| گەرمیان | ٣٥ | گوێسوانە | ٨٣ | کۆلآن | ١١٣ | ڕۆژان | ١٣١ |
| تاوان | ٣٦ | بیانوو | ٨٦ | قەترانی | ١١٤ | هەزاران | ١٣١ |
| بەران | ٣٧ | کولانە | ٨٧ | بێشەلآن | ١١٤ | سەدان | ١٣١ |
| سەربان | ٣٧ | هێلانە | ٨٧ | گرکان | ١١٤ | جوانی | ١٣١ |
| گۆچان | ٣٩ | گوێزان | ٨٨ | نێوچەوان | ١١٤ | ئاوەدان | ١٣١ |
| هەیوان | ٤٢ | شایەتمان | ٨٨ | بێستان | ١١٤ | باڵەخان | ١٣٢ |
| شان | ٤٤ | ئانیشک | ٨٩ | شێوان | ١١٥ | سامان | ١٣٢ |
| دەبان | ٤٥ | باوان | ٨٩ | گاڕان | ١١٦ | فیغان | ١٣٢ |
| ماندوو | ٤٦ | تاوان | ٩٠ | هانا | ١١٦ | شاگردان | ١٣٤ |


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرانگرێ | ٤٧ | مانگ | ٩١ | زریان | ١١٦ | نان | ١٣٤ |
| پیلان | ٥٣ | کاروان | ٩٢ | شوان | ١١٦ | گۆڕستان | ١٣٥ |
| خانە | ٥٣ | پاشان | ٩٢ | میهرەبان | ١١٧ | نێوان | ١٣٥ |
| چاوان | ٥٤ | سەپان | ٩٣ | باران | ١١٧ | | |
| شەیتان | ٥٦ | گاوان | ٩٣ | تەلان | ١١٩ | | |

ئەو وشانەی پێشەوە زۆربەیان (ناو) بوون، کە تیایاندا هەردوو دەنگی (ان) بەیەکەوە هاتبوون لەڕۆمانەکەدا. هەندێ وشەی ترمان هەیە لەڕۆمانەکەدا کە (چاوگ) یان (ناوی کار)ن، تیایاندا هەردوو دەنگی (ان) بەیەکەوە هاتوون، کە ئەمانەن:

| وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوتان | ٩ | تل دان | ٥٢ | خزانەوە | ٨٧ | خزان | ١٢٢ |
| هەڵدان | ١٤ | خولانەوە | ٥٤ | گریان | ٨٨ | پژان | ١٢٥ |
| لێدان | ١٥ | بەیەکدادان | ٦١ | کرانەوە | ٩٠ | ڕسکان | ١٣٠ |
| دانان | ٢١ | لاوانەوە | ٧٦ | ترسان | ٩٦ | لالآنەوە | ١٣١ |
| شکان | ٢٢ | کڕوزانەوە | ٧٨ | ڕووخان | ٩٩ | | |
| ڕامان | ٥١ | ڕازاندنەوە | ٧٩ | گەڕانەوە | ١٠٠ | | |
| هەڵبزرکان | ٥١ | نووشتانەوە | ٧٩ | دارمان | ١٠٤ | | |
| | | هێنانەوە | ٨٥ | | | | |

هەندێك وشەی ترمان هەیە کە (کار)ن، دوو دەنگی (ان) تیایاندا دەبینرێت بەهۆی گونجاندن و تەباییان بەیەکەوە، ئەمانەن:

| وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە | وشە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەشکاند | ١٤ | دەتوانم | ٢٢ | دەڕوانن | ٨٦ | نەمتوانی | ١١٥ |
| دەنواند | ١٧ | زانی | ٥٨ | دەسووڕان | ٩٧ | گەیاند | ١٢٥ |
| دەخشاند | ١٧ | دەگەڕانەوە | ٨٣ | دەبوورانەوە | ٩٧ | | |

**نەگونجانی دەنگ:** هیچ وشەیەکی زمانی کوردی نیە سەرەتاکەی دەنگی (ر) یان (ڵ) بێت، هەر بۆیە وشەکانی زمانی کوردی هەموو کاتێك بە دەنگی (ڕ) یان (ل) دەستپێدەکات، بۆ نمونە: ڕەهەند، ڕەشماڵ، ڕاستی، ڕێگا، ڕابەر، ڕێنمایی، ڕۆشنا، لێوان، لێشاو، لەرز، لانە، لەنجە، لادان، لۆکە...هتد.

کاتێك دەنگەکانی (ك – گ) دەکەونە پێش دەنگەکانی (ی– ێ– وی– وێ)و بەهۆی کاریگەری خستنەسەر دەنگی (ك – گ)ەوە، ئەویش بەهۆی نەگونجانیان لەگەڵ یەك، کاتێك دەکەونەپاڵ یەك کار لە یەکتر دەکەن بۆ ئەوەی دەنگێکی تر دروست بێت، بەوە شێوەی دەربڕینیان دەگۆڕێت، تاڕادەیەك لە وتنی دەنگی (چ – ج) نزیك دەبنەوە، بەڵام ئەم گۆڕانو کار لەیەکترکردنە هیچ کاریگەرییەك لەسەر واتای وشەکان دروست ناکات، تەنها ئەوە نەبێت کە


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

شێوەی گۆکردنیان جیاوازە، واتە لە گۆکردنیدا لە دەنگێکی تر دەچێت، ئەم دیاردەیە زیاتر لەشێوەزاری هەولێردا دەردەکەوێت، بۆ نمونە: ك + ی، یٚ، وی، ویٚ: کیسە، کیسەڵ، کێش... هتد. گ + ی، یٚ ، وی ، ویٚ: گیرە، گێزەر، گێژەن، هەنگوین، پەنگوین، گوێزان، گوێرەکە... هتد.

هەروەها کاتێك دەنگی (ی) دەکەوێتەپێش دەنگی (و – ۆ) ئەم بەدوای یەکدا هاتنە تاڕادەیەك نەگونجان دروست دەکات، هەربۆیە ئەو وشە بێگانانەی (یو) یان (یۆ) یان تێدایە، کورد جێگۆڕکێیان پێ دەکات و دەیانکات بە (ویٚ) لەبەر نەگونجانیان لە دوا بەدوای یەك هاتنیاندا، بۆ نمونە:

ملیۆن ← ملوێن          یوسف ← وێسف

یۆنان ← وێنان          یونس ← وێنس

ئەم چەشنە یاسایە بەدەرناکەوێت لەڕۆمانەکەدا، چونکە کارکردن لەسەر ڕۆمانێك ئەچێتە خانەی زمانی نوسینەوە، یاسای نەگونجانی دەنگیش لەزمانی ئاخاوتندا بەدەردەکەوێت.

## ئەنجام

١– پرۆسەی ئابوریکردن بریتییەلە سەرفکردنی کەمترین وزە لەکەمترین کاتدا، ئەم پرۆسەیە لەزمانی ئاخاوتندا زیاتر بەدیدەکرێت بەراورد بەزمانی نوسین.

٢– لەسەرتاپای ڕۆمانەکەدا پرۆسەی ئابوریکردن دەبینرێت، ئابوریکردن لەئاستی دەنگسازیدا زیاتر بەدیدەکرێت بەراورد بەئاستەکانی تر، بەڵام زۆرترین ڕێژە لە کارە ڕانەبردووەکاندا بەرچاو دەکەوێت، واتە تیاچوونی دەنگی (ت)ی کۆتایی کارەکان.

٣– لەهەر شوێنێکی ڕۆمانەکەدا نووسەر هەستی بەقورسی لە دەربڕینی وشەیەکدا کردبێت هەوڵی داوە لەو شوێنەدا ئابوریکردن لەدەنگەکانی ئەو وشەیەدا بکات، بۆ ئەوەی وشەکان لەڕێی دەنگەکانیانەوە بەرەو وشەی کورتو ئاسانترو پوختو سادەتر ببات بەگۆڕینی دەنگەکانی بەدەنگی تر، یان بەگۆڕینی شوێنی دەنگەکان یان بەتیاچوونو کورتکردنەوەی دەنگەکان.

٤– دوای سەرژمێریکردن لەیاسا فۆنۆلۆجییەکانی ڕۆمانەکەدا ڕێژەی سەدی ڕیزبەندیی ئابوریکردنەکە بەمشێوەیە بوو: یاسای تیاچوونی دەنگ ( ٥٧,٨٠١٪)– گونجانی دەنگ (٢٨،٠١٤٪ )– دەنگەگۆڕکێ (١٣،٣٥٦٪ )– جێگۆڕکێی دەنگ (٠،٨٢٧٪) – جیابوونەوەی دەنگ (٠٪).


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**سەرچاوەکان/**

**- کوردی:**

١– ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر رۆشنایی فۆنەتیکدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٢– ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣– دەروون عبدالرحمن سالح، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

٤– شێرزاد حەسەن، حەساروسەگەکانی باوکم، لەچوارچێوەی کتێبی (سەرجەمی بەرهەمی ٢)دا، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.

٥– محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.

٦– وریا عومەر ئەمین، لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ. ١٣٦، سلێمانی، ١٩٩٥.

**عەرەبی:**

– احمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوي، عالم الكتب، القاهرة– مصر، ١٩٩١.

**ملخص البحث**

هذا البحث المعنون بـ( الاقتصاد على المستوى الصوتي – رواية السياج وكلاب ابي نموذجاً) للكاتب الكوردي شيرزاد حسن، يتناول ظاهرة الاقتصاد كعملية لغوية تتسم بصرف اقل طاقة تعبيرية وكتابية بغية توفير اكبر قدر من الطاقة و الوحدات الزمنية. فالبحث عبارة عن دراسة تطبيقية لظاهرة الاقتصاد على مستواه الصوتي في ضوء القوانين الفونولوجية للّغة الكوردية بالاستناد على اللغة الكتابية، وقد اتبعنا فيه المنهج الوصفي التحليلي حيث تناولنا تلك الظاهرة على وفق محورين، تمثل اولهما بالحديث عن دلالة الاقتصاد واهميته في اللغة الكوردية، اما المحور الثاني فخصص للحديث عن القوانين الفونولوجية للغة الكوردية و تطبيقها على الرواية.

**Abstract**

This thesis which is entitled Economy at the level of phonetics – fence and my dogs' father novel as an example), Economic proce is consists of using less energy in speaking and writing in order to save , save more time and energy, practically this research works on economic at phontic level , it means that the phonitics' law of Kurdish language in the novel of fence and my dogs' father by sherzad hasan comes under writing language room. The analytical descriptives' method used in this research and the examples have been taken from writing language, the research includes two axes: first: the meaning and economic importance in Kurdish language, second: phonological and their acheivment on this novel.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)